# قەڵەمەکەت !



قەڵەمێکت دایە دەستم
یادگارییەکم پێ نووسی ...
لەو ڕۆژەوە قەڵەمەکەت لە گیرفانما
غەمگین غەمگین ڕاکشاوە و
جارناجارێ ورِك ئەگرێ
پێی بنووسم خۆشەویشستی ...!

قەڵەمەکەت نادەمەوە
چونکە دەزانم گشت شەوێ
گەر لە لام بێ
هانم ئەدا بیرکەمەوە ...
یان لە دوای خۆت
فێرم ئەکا ئەندێشەکان بۆ وێنەی تۆ
کۆکەمەوە ...

قەڵەمەکەشت وەکو خۆت
لەش باریك و لێو بچووك و
ڕەنگ قاوەیی و بە ئەدەبە ...
بەڵآم حەیفیَ
گوێم لێیە بە چرپە دەڵیَ
ئەوانەی کە تۆ دەینووسیی
هەر سەرابە ...
گەمەیەکە نیوەی لە مشتی ئاسمانە و
ئەوی دیکەش لە سەردابە ...

کە دەمەویَ لێت تێبگەم
ئەڕوانمە لەش و لاری قەڵەمەکەت
بەڵآم چی بکەم
لەبەر ئەوەی زوو زوو بەرگی خۆی ئەگۆڕیَ
ناتوانم لە هیچ تێبگەم ...
بۆیە پەشیمان ئەبمەوە و
بە ئازاری خۆما ئەگەم ...

لەم شەوانەی ڕابردوودا
قەڵەمەکەت هەستا و گریا ...
وتی : دادا ...!
منیش بە شیری شیعرێکم

کەمێ ئارامم کردەوە و
دواتر دیسانەوە گریا ...
ئیدی ئەوەندەم پێکرا هاوار بکەم
بلێم : نەمناسیبا بریا ...!
بەڵام پاش کەمێ بێدەنگی
هەستا و ئەشکی چاومی سڕی و
تێر پێکەنی ...
نهێنییەکەشی ئەوە بوو
چوو بوو لە ئەلبوومەکەما وێنەکەی تۆی دەرهێنا بوو
کاتێ شل شل پێئەکەنی ...

قەڵەمەکەت شەو ناخەوێ
سەیری ناچاوانم ئەکا ...
شەوێ پێم وت گەر تۆ بڕۆی
کێ دەبێ ئیدی سەیرم کا
وتی ئەو ڕۆژە خوا نەکا ...!

لە ئێستەوە بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە ...
کە قەڵەمە گوپ خڕەکەت
مرەکەبی تیا نامێنێ
بۆیە تا ئێستا بە تەنیا
هەر ئەم شیعرەم پێ نووسیوە ...

له ئێستەشەوە خەریکم
لای دکتۆرێ خوێنی خۆمی تێکەمەوە ...!

ئەوەندە ماچم کردووە
کلی چاوی قەڵەمەکەت کاڵبۆتەوە ...
ئەوەتا بڕوی لێگرتووم
بیخەمەوە ناو جانتاکەت
تا سکێچی دەم و چاوی ڕێککاتەوە ...
ئاخر ئەویش وەك خۆت تۆزێ ترسنۆکە
زۆر زووش تەریق ئەبێتەوە ...!

زۆر بێ چانسە ئەو قەڵەمەت
دەڵێ جارێ کەوتوومەتە خوار لە گیرفان
وەخت بووە
دواهەمین هەناسە بدەم
بە چاویشیدا وا دیارە
هێشتا ڕۆحی ئازار ئەدا...
بەڵآم ئیدی قەڵەمەکەت قەت ناکەوێ
وا لە ناو گیرفانی سپی سەر دڵم دا ...
بەڵآم ئەگەر
ژووانی تر
بە گیرفانی دیکە نەدا ...!